# دەنگ بدەن بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ باوەشی کوردستان ... ڕێکخراوی هاوکاری کەرکوک

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، دانیشتوانی ڕەسەنی کەرکووك
15. 12. 2005 بەشداریکردنتان بە لیستی 730 دەنگدانە بەچارەنوسی گەلەکەمان، دەنگدانە بە گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان، دەنگدانە بەئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ بنەبڕکردنی پاشماوەی تەعریب، لەهەمووناوچەکانی، خانەقین تا زەمار و شەنگار، دەنگدانتات ڕێزلێگرتنە لە خەبات و ماندوو بونی گەلەکەمان لە ڕابردوودا، دەنگدانتان ڕێزگرتن و وەفاداریە بۆ شەهیدانی نەمری کوردستان، وەرن هەموو گازندەو گلەییەکانتان لە گەندەڵی و ناڕێکی و نامەسئولانەی هەردوو ئیدارەکەی کوردستان وەلانێین وچارەنووسی کوردستان لەئەستۆ بگرین، دەنگ بدەن بەو ژمارە 730 تا بتوانرین ئەم جارەیان سەرکردایەتی کورد بخەینە ناو چێوەی کۆڵێکی گرانەوە، گەر هات و ئەمجارە داخوازیەکانی ئێوەیان جێبەجێ نەکرد، تەنهاو تەنها پەشیمانی و قەرزارباری مێژوو دەبن.
کوردستانییان لەهەر کوێیەکن، ئێمە وەك ڕێکراوی هاوکاری کەرکووك، کەڕێکخراوێکی نوێین، بە، بەرامەیەکی نوێ وە بۆ خزمەتکردنی هەموو ئەوناوچە تەعریبانە کە ئێستا چەتری ڕەشی تەعریب و بێ نازی باوەشی ئیدارەی کوردی پێوەیە، درووست بوین، بەئەندام بوونی ئێوە لەم ڕێکخراوەدا وبەشداری کردنتانی سەرەتایتان بۆ ئامانج و ویستی کوردانەی ڕێکخراوی هاوکاری کەرکووك دەنگ بدەن بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەهەرکوێیەکی ئەم جیهانەن.

هەربژی یەکێتی ڕیزەکانی کورد، بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ماڵی کورد
ڕێکخراوی هاوکاری کەرکوك
سویسرا /22. نۆڤێمبەر. 2005
hawkarikarkuk@yahoo. de